کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

5-4-2007 1:19بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## چەند پێشنیارێک بۆ وەفدەکەی مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی ڕێکخستنی ی ن ک کە بە نیازن سەردانی کۆمیتەی ڕێکخستن و مەکتەبی بەریتانیای ی ن ک بکەن!! ... جوامێر ڕەشید زەنگەنە

هەڤالانی بەڕێز.. کاك عمر سید علی، کاك ئەرسەلان بایز، مامۆستا جەمال، کاتێ کە هەواڵی هاتنی بەڕێزتان بۆ بەریتانیا بلاوبووەوە، خۆشحاڵ بوین کە ی ن ك، ئەمجارەش بە هانامانەوە هات، هەرچەندە ئەمە یەکەم و کۆتایی سەردانەکان نابێ، چونکە کێشەکانی کۆمیتەی ڕێکخستنی بەریتانیا بەردەوام دیزە بە دەرخۆنەی پێدەکرێ، چەند ساڵێکە ناکۆکی و ململانێی نیوان کادر و ئەندامە دڵسۆزەکان و بنەماڵەی شاناز ئیبراهیم ئەحمد و دکتۆر لەتیفی هاوسەری، بەردەوامە و تا ئێستا کەسێك نەیتوانییوە چارەسەرێکی نیمچە بنەرەتی بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە، هۆیەکەشی هەڵگیرساندنی چرای سەوزی مام جەلالە بۆ ئەو ناوبراوانەی سەرەوە، کە پاشاگەردانییەکیان سازکردوە بۆ ڕێکخستنەکانی یەکێتی کە سەرتاپای زەرەرە بە یەکێتی گەیندراوە،

بەهاتنتان خۆشحاڵین هیچ نەبێ ئێوە خەڵکانێکن پێشمەرگە بون، ماندووبون، خەباتگێڕ بوون.. هتد... ئێوە لە ئازارەکانمان دەگەن، ئێوە دەزانن کە ئێمەش هاوسەنگەتان بووین، کوڕانی چالاکی خەباتی ژێرزەمینی شار و هەڵۆی بەرزەفڕی چیا و پێدەشتەکان بووین، بۆیە کە گەندەڵی و کەمتەرخەمی دەبینین ویژدانمان ئازارمان ئەدات، هاوڕێ شەهیدەکانمان لە مەزارەکانیانەوە دەستیان بەرز دەکەنەوە و هاوارئەکەن:خوێنمان بە فیرمەدەن، بۆیە زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێین ئێمە خاوەنی یەکێتین هەر ئێمەش دەبێ سەروەرییەکان بپارێزین، ڕازی نابین کەسێك ببێتە بەرپرسمان کە تەنها چرکەیەك لە گەڵ ئێش وئازارەکانی میلەتەکەماندا نەبوە، بە کەسێك ڕازی نابین کە بەرژەوەندی خۆی و بنەماڵە بخاتە سەرو بەرژەوەندی کورد و یەکێتی یەوە،

کێشەی زۆربەی کادر وئەندامەکانی ی ن ك لە بەریتانیا کێشەی پلەو پایە و سەرمایە نییە، کێشەی شەخسی و تاکەکەسی نییە، دژایەتیکردنی ڕبەکخستن نییە وەکو شاناز خان بۆی باسکردوون، بەڵکو کێشەکە زۆر لەوە گەورەترە، پشتگوێ خستن و پەراوێزکردنی ئەندامە دڵسۆز و بە هەڵوێستەکان، کۆنترۆڵکردنی کۆمیتەی ڕێکخستن و مەکتەب لە لایەن شەخسی شاناز ئیبراهیم ەوە، بەکارهێنانی نەسریەی کۆمیتەو مەکتەب بۆ بە هێزکردنی گیانی تەکەتولبازی و ئاژاوەگێری، ڕێزنەگرتنی لایەنە سیاسی یە کوردیەکان یەکێکە لە خەسڵەتەکانی بەرپرسی مەکتەب و بەرپرسی کۆمیتە کاك هاوار حاجی... هتد.

پێمان خۆشە لە ناو ئەندامانداندا ڕاپرسییەك سازبکەن، تا بەڕێزتان بزانن چەند کەسن ئەوانەی بەم کەسانە قایلن کە بەرپسیان بن ( (شاناز خان و هاوار حاجی) ) .

بە باشی دەزانیین ئەم چەند پێشنیارە بخەینە بەردەستی بەڕێزتان بەو هیوایەی بتوانن چارەسەرێکمان بۆ بدۆزنەوە، دەنا کە جام پڕ بوو لێدەڕژێ..

1-کۆبوونەوەی فراوان ئەنجامبدەن بۆ سەرجەم ئەندامەکانی ی ن ك لە بەریتانیا، ڕاو سەرنج و بۆچوونەکانیان بە هەند وەربگرن

2-بە هاوکاری مەڵبەندی دەرەوە بریاربدەن کە کۆبوونەوەی گشتی ئەنجام بدرێ بۆ سەرجەم ڕێکخستنەکان وهەڵبژاردن بە شێوەی دیموکراتی ئەنجام بدرێت، بە تایبەتی هەڤالانی مەڵبەند ئەزانن کە دەبوایە پارساڵ ئەم هەڵبژاردنە بکرایە،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

3-سەرنجی شاناز ئیبراهیم ڕابکێشن کە چیتر دەست لە کاروباری ڕێکخستن وەرنەدات، هەروەها لە هاوار حاجی بپرسنەوە سەبارەت بە لاوازی و سەرنەکەوتنی لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی وەکو بەرپرسی ڕێکخستن و تاکڕەوەی لە ئەنجامدانی ئەرکەکاندا.
4-مەکتەبی پەیوەندییەکان لە کۆمیتەی ڕێکخستن جودا بکەنەوە و کەسی شیاو لە شوێنەگرنگانەدا دابنێن.
5-داهات و خەرجی کۆمیتەی ڕێکخستن و مەکتەب ئاشکرا بکەن، چونکە گومان هەیە لە سەرفکردنی ئەو بڕ پارەیەی وەکو نەسریە وەردەگیرێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.